ناونیشان
سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٢١٢٧١٢٠ - ٣١٤٠٤١٦
E-mail
info_chawder@yahoo.com
info_obsever@yahoo.com
www.madaniat.org
نرخی (٢٥٠) دینارە

THE OBSERVER
Aweekly Political, Educational & Social Press - Kurdistan - Iraq
No.: (17) 21-2-2005

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس
مەلا بەختیار
ستافی کارا
سامی هادی، جەمال حوسێن
نەخشەسازی: جەلیل حسێن – ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان؛ تەها حەمە نوری؛ ئیبراهیم حسێن

ئابووری شەشەم
شەریک شعور

# ماخۆلان

ماخۆلان تیکرار کردنەوەی جموجوڵێکی خەتەرو بێهوودەیە کە ئەگەر هەرزەکارێک بە کۆڵانێکی باریک و تەسکا بیکات مەعنای وایە کاکم حەزی لە کچە عازەبێکی ئەو دەورومەکانە کردووە. ماخۆلان، جاری واش هەیە ، ئەبێتە دەردێکی بێ دەرمان و جەنابی مودیر ناچار ئەکات بەدەم تەزبیح بادانەوە لە ماوەی نیو سەعاتا هەزارو دووصەد جار بە ژووره سێ بەچوارەکەیا بێت و بچێت. سەبەبیش ئیمما گوشارێکی بێ مەعنا و قانونشکێنی سەرەوەیە، یان هەڕەشەیەکی نەنووسراوی یەکێک لە تەکەتولەکانی دەورویشتە. ماخۆلانی مشکی عەمر نەماویش ئەوەیە کە بۆ کوڕێنی بچێ بۆ گەڕەکی پشیلاواو لە بەعزە حاڵەتێکیشا ئەبێت بە قڕەی سەیارەیەک لەم سەیارە ترحێوانەی کە ڕۆژی صەد جار بێ ئیش و بێ کار بە جادەی ئۆرزدی و ئەملاولای زانکۆدا ئەخولێتەوە. لە دنیای ئەدەب و داهێنانیشا، ماخۆلان ئەوەیە ناخونەک لە بەرهەمی نووسەرێکی مەشهور بدەیت و هەر ئیعلامییەکی سوروسپیش ماخۆلانی بێت، بۆ ڕیپۆرتاج ئامادەکردن ئەچێ بۆ فەللوجە. ماخۆلانی کچی بچکۆلەش ئەوەیە دەستکاری سوراو و سپیاوەکەی دایکی بکات و هی زەلامی گومانلێکراویش ئەوەیە بەڕیشێکی پان و درێژەوە بچێتە بەردەمی ئاسایش و ماخۆلانی وتارنووسی جەریدەش زۆرن، هەرە موشکیلەکەیان ئەوەیە لە کۆمەڵگەیەکی فاسیددا لەسەر فەساد بنووسێ. لە حاڵەتە دەگمەنەکانیشا ئەم ماخۆلانە ئەبێتە غاییلەیەکی خراپ و خەریکە کابرای کار بەدەست قەناعەت پێ بێنێت بچێ سەردانی گەڕەکێکی هەژارنشین بکات، بەڵام یەکسەرویژدان خان خەبەری ئەبێتەوەو پێی ئەڵێ کوڕە دانیشە، بۆ کوێ ئەچیت؟! خۆ ماخۆلانت نیە و دانیشن بە خێر.■

# حەڵاڵکردنەوەی خوێنی ڕۆماننوسی بەریتانی (سەلمان روشدی)

ئاژانسی دەنگوباسی ئێرانی، لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەسەر زاری وتە بێژی ڕێکخستنەکانی (پاسەوانانی شۆڕش) لە یادی ساڵرۆژی بڵاوکردنەوەی فەتواکەی ئایەتوڵڵا خومەینی سەبارەت بەحەڵاڵ کردنی خوێنی (سەلمان روشدی)دا، ڕایگەیاند کەڕۆژێک دێت ئەو کافرە تاوانبارە بەسزای ڕەوای خۆی دەگات و لەوتەمێ کردنە دەربازی نابێت، ئەو فتوایەی کەلەمانگی شوباتی ساڵی (١٩٨٩)دا سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئەوکات (خومەینی) بڵاویکردەوە، بەهۆی نوسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی نوسەری بەریتانی بەرەگەز (هیندی) سەلمان روشدی، (ئایەتە شەیتانیەکان)وە بوو، لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی سەبارەت بەو فەتوایەو چەندین لایەنی نێو دەوڵەتی و ڕۆشنبیری جیهانی هاتنە ناوکێشەکەو دواتر کارکردن بەو فەتوایە ڕاگیرا. بەڵام لەگەڵ گرژبونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان وڵاتی بەریتانیاو کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەوفەتوایە لەلایەن دامودەزگا نهێنیەکانی پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامیەوە تازەکرایەوە..■



رزگار

# نیگەرانیەکانی پاستیک

## خوێندنەوەی حەمە هاشم



لەپانتاییەکی پرتەقاڵی تۆخدا، کوتلەیەکی قورس لەناوەڕاستی فۆرمەکەدا سەرنجمان بەلای خۆیدا ڕاپێچ دەکات، ئەوکوتلەیە پێکهاتەیەکە لە هێڵی شکاوەو بازنەیی ناتەواو، هێڵ لەدەست بەسەراگرتنێکی تەواودایەو دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە بەسەر سەراپای کوتلەو فیگەرەکان، لەو حاڵەتەدا جوڵەو ئاپۆرەیەکی ناجێگیر دروست بووە، کە تێکڕا لەسەر پانتایی ئەو بۆشاییە پرتاقاڵییە ئارام دەبێتەوە و ئۆقرە دەگرێت.
ئەم بەرهەمە کاری هونەری هونەرمەند (عەلی کەریم)ە، کە نزیکە لە ئامادەگیەکانی خۆیی نێوان بوون و دەسەڵاتە هونەرییەکانی، کە هەڵقوڵاوی دەروونی شەکەتی هونەرمەند خۆیەتی.. بابەتێکی دەرچووە لەنیگەرانی و نامۆیی.. ئەم بەرهەمەکە بەچەند ماتریاڵێکی هەمەجۆری وەک ڕەنگی ڕۆنی و پاستیل لەسەر کانڤاس هاتۆتە ئاراوە، لەتەکنیکدا توانستێکی ئەوتۆی هەیە.. هونەرمەند سەرەتا لەپێکهاتەکاندا بەڕەنگی ڕۆنی. زۆربەی بۆشاییەکانی پڕکردۆتەوە و هێڵە گشتییەکانی بارستە سەرەکیەکەی نەخشە کێشاوە، دواتر هاتووە بەجۆرێک لەتەکنیکی دیکە، کە ئەویش پاستیلە رووپۆشی هەندێ شوێنی سەرەکی کردووەو، ڕەنگە بنەڕەتیەکانی شاردۆتەوە، بەشێوە هارمۆنیەکی ئیستاتیکی و لەسەر پانتایی فۆرمە پرتەقاڵیەکە کۆمەڵێ ڕەنگی دیکە دەبینرێت کە ئەویندارییەکی گونجاو کۆیان دەکاتەوە، وەکو ڕەنگی سەوزو سپی، کە لەگەڵ پرتەقاڵیەکەدا هاوڕێکن و ڕوانگەکان لەوێڕا بۆمان دەردەکەون.
جگە لەمەش ئەوکوتلە قورسەی ناوەڕاست، هاوسەنگیەکی وەهای بەخشیوە بەتابلۆکە، کە ڕەهەندە ئیستاتیکی و چەمکە گشتگیرییەکانی ڕوانینمان باشتر بۆ مەیسەر دەکات.
هونەرمەند (عەلی کەریم) لەم بەرهەمەدا لەسەر ستایلێکی تایبەت بەخۆی، بەکۆمەڵێ گۆڕانکاریەوە دەیەوێت گوزارشتێکمان بداتێ لە (دوورەپەرێزی)، بەو واتایەی کە ڕوانگەکانمان بەرەو تەنهایی و تاکێتی بەرێتەوە.. کە خۆشاردنەوەبێت لە بابەتە ئاڵۆزەکانی ژیان.■

# چارەسەرێک..
# ژیانی تازە دەبەخشێتە توشبوانی شێرپەنجەی پرۆستات

کۆمپانیای (دندریون) لەسەر زاری چەند توێژەرەوەیەکی ئەمریکی ڕایگەیاند کە گەیشتونەتە ئاکامی دروست کردنی چارەسەرێکی تازە بەناوی (پرۆفینج) کەهاوکاری سیستمی بەرگری کردنی خانەکانی لەشی مرۆڤ دەکات لە تەشەنەکردن و بڵاو بونەوەی شێرپەنجە بەخانەکانی لەشدا.. (د. ئەریک سمول)سەرپەرشتی ئەم توێژینەوە تازەیەی کردووە لەکۆلیژی پزیشکی لە (سان فرانسیسکۆ) لەزانکۆی کالیفۆرنیا، دەڵێت:
ئاشکرایە کە چارەسەرێک ژیانی نەخۆشە توشبوەکان درێژ بکاتەوە بێ ئەوەی کاریگەری زیادو لاوەکی لەسەرتەندروستی توشبوەکە دروست بکات، وەک شێوازەکانی تری چارەسەر کە پێشتر بەکار هاتووە. بێگومان جێگەی بایەخدان دەبێت بەلای نەخۆشەکان و پزیشکەکانیشەوە.
جێی باسە ئەم ئەمپولە تازەیە ماوەی چوار مانگ ژیانی توشبوەکان بەو نەخۆشیە درێژتر دەکاتەوە.■

نونە

# پانۆرامای وێنەی ڕۆژنامەکانی مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردستان



زیاد لە سەد ساڵە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دەست پێدەکات و بەناو هەزاران کارەسات و جەنگ و دابران و داگیرکردندا تێدەپەڕێت.. زیاد لەسەد ساڵە، ئێمە خاوەنی دەنگێکین، دەنگێک کەهەمیشە دنیای نوسین و ڕۆحی ئێمەی لەناو دۆزەخ و ئاگرە یەک لەدوای یەکەکاندا پاراستووە.. ئەم دەنگە نەمرە لەدوای ڕاپرینەوە.. ڕەهەندەکانی خۆی فراوانتر دەکات و دەیان دەنگ و ڕەنگ و ڕۆژنامەی دیکە دەخاتە ناو ئەو دنیا وێرانەی کەمێژووی ڕۆژنامەوانی ئێمەی تێدا خەسێنرا بوو.. بەڵام زیاد لە ١٠ ساڵە ئێمە خەونەکانمان خاوەنی دەیان نیشتمان و دەیان ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی بەئومێدن..لێرەوە زۆر سوپاسی برای شاعیرو ڕۆژنامەنوس کاک (سەلام مستەفا) دەکەین، کەزەحمەتێکی زۆری کێشاوە لەپاراستنی ئەرشیفی ڕۆژنامە کوردیەکان و وەک پانۆرامایەکی وێنەیی پێشکەشی ڕۆژنامەی چاودێری کرد.. بەئومێدی سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ کاک سەلام.■

خوێنەری ئازیز!

کام لەم دوو ڕۆژنامەیە دڵخۆشن بەسەرەنجامی سەرکەوتووی هەڵبژاردنەکان؟




ژمارە (٢٦) دوو شەممە ١٤ /٢٠٠٥/٢ / کوردستانی ئێران




ژمارە (٢١٢) چوار شەممە ١٦ /٢٠٠٥/٢ / کوردستانی عێراق